


**دەستم تەڕکە**

**بە ئاونگی ئەوپەنجانەی**

**وەک ئاوێنە ، سەرنینۆکیان**

**بە ڕەنگێ لە ڕەنگی ئاوەوە**

**پڕپڕڕنلە ئاگرەکانی خۆشەویستی و**

**پڕپڕن لە گەمەکانی مێیایەتی و**

**پڕپڕنلە هەوەسی حەشار !**

**چاوم تەڕکە**

**بە مەستایەتی مەغریبێ**

كە پڕپڕەلە شەماڵەی

مەکر و

كە پڕپڕەلەشەماڵەی

نەورۆز

بەرچنەی ئەم

دڵە شاعیرانەیەشم

پڕ کە

لە هەنجیری هەوەڵ نیگای بەیانیان و

لەهەناری هەوەڵ نازی نیوەڕۆیان و

لە نارنجی بەرزەچڵی ئێوارانت

لە شەویشت

با هەر بۆڵی تاریکەڵە و

بۆڵی قاقای سپیتان بێ !

دەمی خەویش

باوانی دڵ

پڕپڕم کەن لە سەیری سەتەنی خزاو

لە گێلاسی گۆشتی ڕژاو

پڕپڕم کەن لە بەرامەی تەپ ونمی باران

لە دووکەڵی ئێوارەیەک هەر لە نەورۆز

پڕپڕم کەن

لە خۆڕژان و لە عیشق !

لە ئەوینێ

ماڵی بەپاڵ

گەرم ترین دیواری دۆزەخەوەبێ

لە ئەوینێ

وەک هێشوویەک

لە هەسارە

سەری لەناو

قەرتاڵە شینەکەی ئاسمان دابێ و

لەوەو خواریش

ئەی نازەنین

ئەی زیباترین سێوە کچ

لە قوڵایی عەیار ترین سەرزەمین و

له قوڵایی نازک ترین دەریا دا بێ !
بەخشندەبە باوانی دڵ
پڕپڕم کە لە ئەوینێ
تامی ماچ کردنی گەڵا زەردەکانی

پایز بەخشێ

لە ئەوینێ

بە قۆزاخەی

هەمووکۆستەکانی نیشتیمان بێ

پێ هەڵێنە ئەی عاشقۆڵە

با لەقەد پاڵی خۆشمانا

نەورۆزێ بۆ خۆشەویستی و

نەورۆزێ بۆ

مەینەتییەکانی نیشتیمان بکەینەوە

وەرە ئەی یار

بە جلکێکی تەڕی کوردانەوەتەشریف بێنە

ئاو دامانێ لە ئاگر و

کراسێ لە ئاگر و

هێلەکێکیش هەر لەئاگر

سەرو پێچێ لە حەرفی من و

بە (سەرشان)ێ لە بەهارو

دەی عاشقۆڵە

بە دڵی خۆتان کراسێ

کراسێ لە عیشوەی نێرگز

هێلەکێ لە دەشتە سەوزەکانی ئەمساڵ

دەسماڵێ (سەرشان)ێکی سەوز

لە مەکری گەڵا قەیرەکان

کۆڵوانەیەک

وە گوڵەنکەی تازە نمەی هەورێکەوە

ئەگەر هاتی

بەهەیاسەی

جووکە وجریوەی چۆلەکە

ڕووخۆشەکانەوە بێ

ئەگەر هاتی

بە گەردانەی

هەوەڵ چلە

ئاگرەکانی نەورۆزەوە بێ

ئەگەر هاتی

لەهاتنت پێ هەڵگرە

با پێکەوە

سڵاوێ لە پیرەمێرد کەین!

با پێکەوە

چاوێ لە سەیوان داگرین !

با پێکەوە

سینەمان پڕکەین لە ئاگر

لە کەیل ومەیلی ، مەلەیەک

لە ناو گۆمەشینی نووردا

با پێکەوە لە بەهار و

لە تۆڵەکەی دڵدانەوە و

لە گۆزروانی

چامەیەک ووڵات تێر کەین

تۆ نازانی
من دەزانم

ئەم نیشتیمانەچەن برسی ئازادییە

باوانی دڵ

ئەم نیشتیمانە چەن برسی ئازادییە !

نەورۆزی/2005/ئەڵمانیا